دکتۆر لەتیف ڕەشید

سەرۆکی کۆماری عێراقی فیدراڵ

بەغداد

ئێمە پیرۆزبایی هەڵبژاردنتان لێ دەکەین بۆ سەرۆکایەتی عێراق لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە و لە دڵەوە هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین لە ئەرکە نوێیەکەتان کە لەم قۆناغە سەختەدا کە گەلانی ناوچەکە پێیدا تێدەپەڕن ئەنجامتان داوە.

ئێمە ئاگادارین کە گەلانی عێراق باجێکی قورسیان داوە بۆ سەقامگیری سیاسی و ئازادییەکان و ئاواتەخوازین لە ژینگەیەکی ئارام و دیموکراسیدا بچنە ناو سەردەمی نوێوە، لەسەر بنەمای کۆدەنگی و ئاشتەوایی و دیالۆگ، چاوەڕوانییەکی گەورەیان لە ئێوە هەیە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش پێمان خۆشە بزانن کە وەک هەدەپە هەمیشە پاڵپشتی دەستپێشخەریەکانتان دەکەین بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی نوێ لە عێراق، هەروەها بەهێزکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی لە سەرتاسەری وڵاتدا.

لەژێر ڕۆشنایی ئەزموون و زانیاریی ئێوەدا، ئێمە بەتەواوی باوەڕمان وایە کە ئێوە هەوڵێک دەدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەڕێگەی شێوازی ئاشتیانە، لەسەر بنەمای ئاشتەوایی و دیالۆگی نێوان لایەنە سیاسییەکان، بەگوێرەی پێکهاتەی فرە کەلتوری و ناسنامەی وڵات.

بەم بۆنەیەوە هیوای سەرکەوتنی گەورەتان بۆ دەخوازین لە کارەکەتان وەک سەرۆکی عێراق و ڕێزی قووڵمان پێشکەش دەکەین.

پەرڤین بولدان- میتهات سانکار

هاوسەرۆکانی هەدەپە

15ی تشرینی یەکەمی 2022